www.kurdistannet.org
13-10-2006 6:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

د. زاهیر سوران
پسپۆری نەخۆشییە درمەکان
پسپۆری پزیشکی گشتی
ستۆکهۆڵم

## رۆژنامەی خەبات سەرچاوەیەکی نازانستییە!!

هەمووان ئەو راستییە باش دەزانن کە ئەمرۆ بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو ئینتەرنێتەوە زۆر کەس، رێکخراو و دەزگاکانی راگەیاندن (رۆژنامە، گۆڤار، تی ڤی) وەك سەرچاوەیەکی بڵاوکردنەوەی زانستی و راگەیاندن توانیویانە سوود بە دانیشتوان بگەیەنن و لە زۆربارردا رۆژنامەی ئەلەکترۆنی سوودێکی باشی گەیاندووە جگە لەوەی کە توانیویەتی ژینگەی وڵات بپارێزێت و خەرجیش کەم بکاتەوە.

لە لای ئێمە تا ئەمرۆ دەزگاکانی راگەیاندن بە دەیان رۆژنامە و گۆڤاری بێ سەروبێ بەر کە کاغەزەکانیان ژینگەی وڵاتیان پیس کردووە هەر لە بەر بیری تەسکی حیزبایەتی و خۆبردنە پیشەوە، ماستاوساردکردنەوە بۆ بەرپرسە بێتواناکانیان و ناتوانن راستگۆیانە وبە دەست پاکییەوە پەیامی رۆژنامەوانی کە زۆر پیرۆزە وەك خۆی بگەیەننە جەماوەر. هەرکاتێك هەواڵەکان بە دەستکارییەوە گەیشتەنە جەماوەر ئەوسا نائارامی و نیگەرانی پەیدا دەکات و پێویستە بەر پرسیاران سنوورێکی بۆ دابنێن.

ناوبەناو رۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پ د ك مانشێتێکی زەق دەنووسێت بێ ئەوەی لە ناوەرۆکی نوسینەکە بگات و بکۆڵێتەوە و کوێرانە بڵاوی دەکەنەوە. ماوەیەك لەمەوبەر مریشك فرۆشێکی سلێمانی بەشێکی لە لاپەڕەکانی رۆژنامەی ناوبراوی داگیرکردبوو هەرچەندە ئەوە کاری ئەو نەبوو ناوبەناویش لچی لە زانستی پزیشکی یەوە وەردەدات، بەڵام لەبەر ماستاو مامەحەمەچێتی نەیان دەتوانی دەست بەرداری ببن پاش ئەوەی چەندان گیروگرفتی بۆ نانەوە (سەیری ئەرشیفی کوردستان نێت، سەرچاوەکانی خەبات شێخواڵڵەیە، بکە) ئەوسا تێگەیشتن کە چەندە زیانی پێ گەیاندن.

پاشتر ماوەی زێدەتر لە 6 مانگ نێوی ئینگلیزی رۆژنامەکە بە ناتەواوی دەردەکەوت بێ ئەوەی کاکی سەرنووسەر یان کاکی خاوەن ئیمتیاز سەیری دوا لاپەڕە بکەن هەمیشە لەبری Xhabat تەنیا Xhaba دەنووسرا، کاتێك ئاگادارم کردنەوە لەبری سوپاس نامە زۆر بە بوخزوکینەوە رەخنەکەیان وەرگرتم و ئیتر لەو رۆژەوە ئەو نووسینە زانستیانەی دەمناردن بۆ خەبات بڵاوناکرێنەوە!!

ئەوانە لە لایەك، لە هەموویان ناخۆشتر و دڵتەزێن تر لە ژمارەی ئەمرۆدا 7 ی ئۆکتۆبەری 2006 لەسەر لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەی خەبات نووسراوە کە 16 حاڵەتی نەخۆشی ئەیدز لە سۆران!


ل14 شۆرشی ئەیلوولی مەزن، ل14 بەڕوویەری گرتەوە.

16 حاڵەتی نەخۆشی ئایدز لە سۆران

PNA: سەرچاوەیەک لە بەشی تاقیگەی نەخۆشخانەی سۆرانی گشتی رایگەیاند، کە لە 1/1/ 2005 تاکو 2006/10/1 لە کاتی تاقیکردنەوەی نەخۆشەکان 16 حاڵەتی نەخۆشی ئایدز لەجۆری Hbs پۆزەتیف بە دیار کەوتووە. لەم بارەیەوە"هێمن حمدامین" بەڕێوەبەری بەشی تاقیگە لە نەخۆشخانەی سۆرانی گشتی رایگەیاند، کە لە ماوەی ساڵێک و 10 مانگ دا لە ژووری تاقیگەی نەخۆشخانەدا 16 حاڵەتی ئایدز ئاشکرابوونە کە هەموویان لە جۆری (hipatites.B.Virus) بوونە.
ئەم سەرچاوەیە ئەوەشی روونکردەوە، کە بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە لە رێگەی گواستنەوە لە کەسێکەوە بۆکەسێکی دیکە پەیدابووە و هەموو ئەوکەسانەشی کە دووچاری ئەو نەخۆشیە بوونەتەوە لە دەرەوەی وڵات گەڕاونەتەوەو بۆ بەرهێنانی مۆڵەتی نیشتەجێ بوون رەوانەی نەخۆشخانەکان کراون. چونکە ئەمجۆرە کەسانە دەبێ بۆ چارەسەرکردن لە کەسانی دیکەی کۆمەڵگا جیابکرێنەوە. چونکە مەترسی بڵاوبوونەوەی زۆرە.
ل14

لاپەڕە 1 ی رۆژنامەی خەباتی رۆژی 7 ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2006

ئەو کەسەی کە ئەو نووسینە دەخوێنێتەوە راستەوخۆ تێدەگات کە بەرپرسی مانشێتەکە وەك ئەو کۆلکە نووسەرەی خەبات وایە کە پاش ئەوەی چەندان ساڵ لە ستۆکهۆڵم ژیا وەلێ رۆژێك لە رۆژان کتێبخانەی ئەم ستۆکهۆڵمەی نەبینی یان ئەوەتا ئەومیش مریش فرۆش بووە دەنا دەبوواتە نەخۆشی ئەیدزی لە نەخۆشی زەردوویی جودا بکردایەوە.

یان ئەوەتا ئەوە برادەرەی تاقیگەی سۆران مەبەستی لە نەخۆشی زەردوویی بووە و بە هەڵە زانیاری داوەتە خەبات و لە هەردوو سێ بارەکەدا نەدەبوو ئەو هەڵە گەورەیە بەسەر خەبات دا تێپەڕ ببێت.
لەبەر ئەوەی کاتێك تێستی خوێن بۆ تووشبوویەکی ڤایرۆسی HIV دەکرێت ئەوسا ئێمە دژەتەنی دژی ڤایرۆسیHIV مان دەست دەکەوێت و زانستیاننە بەو کەسانە دەڵێن تووشیبوو بە ڤایرۆسی ناوبراو وەلێ زانستییانە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان تووشبوون بە ڤایرۆسەکە و نەخۆشی ئەیدز هەیە.
کاتێك تێستی ڤایرۆسی زەردوویی بۆ نەخۆشێك دەکرێت و پاشتر دەسەلمێنرێت کە مرۆ دژەتەنی دژی ڤایرۆسی جۆری B ی پۆزەتیفە ئەوسا دەڵێن ئەو کەسە تووشی زەردووی بووە.
بە پێی مانشێتەکە ئەوانە تووشی ڤایرۆسەکە بوون دەبووایە دژەتەنی ڤایرۆسی HIV یان پۆزەتیف بووایە، بەڵام بە پێی ناوەرۆکەکەی ئەو کەسانە دژەتەنی ڤایرۆسی Hapatitis B virusیان پۆزەتیفە، واتە تووشی زەردوویی بوون، ئەرێ کاکی سەرنووسەری خەبات کامیان راستە؟؟؟
هیوادارام ئەو کەسەی بەرپرسیاری ئەو هەڵە تۆقێنەرەیە سزابدرێت لەبەر ئەوەی کە ئەمە یەکەم جار نییە لاپەڕەکانی ئەو رۆژنامەیە هەواڵی بێ سەروبەری نازانستییانە بڵاودەکەنەوە کە زۆر لە راستی و زانستی ئەو سەردەمە جیاوازە و دەبێتە هۆی تۆقاندن و نیگەرانی دانیشتوان بە تایبەتی کەسانی پسپۆڕ لەو بوارەدا.
ئەز وەك پسپۆڕێکی ئەو بوارە کە ماوەی زێدەتر لە 15 ساڵانە سەرقاڵی نەخۆشی ئەیدز و نەخۆشییە درمییەکان م رێگا نادەم چی دی کۆلکە رۆژنامەنووسێك کە نە مانای رۆژنامەنووسی دەزانێت و نە رۆژێك لە سەر کورسی کۆلێژی راگەیاندن دانیشتووە و کارتێکی رۆژنامەنووسانی کردۆتە ملی ئەو زانستە پیرۆزە سەقەت بکات و راستییەکان بشێوێنێت.
پێویستە لێپرسینەوە هەبێت، دەنا گەر بەردەوام خەریکی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناراست و نازانستیانە بن ئەوا سیستەمە هێندەی بەبەرەوە نەما و هاکا ڕما و ئێوەش بەرپرسی سەرەکین.
لە کۆتاییدا هیوادارم وەزیری رۆشنبیری کاك فەلەکەدیین کاکەیی لێکۆڵینەوەیەك لە مەڕ ئەو رۆژنامەیەوە بکات وسزای بەرپرسیاران بدات لەبەر ئەوەی رۆژێك لە رۆژان خۆشی لە شاخ و لە شاریش راستۆگایە وبە ئەمانەتەوە کاری لەو رۆژنامەیەدا کردووە.